مەراقی پەروەردەو... شتی دیکەش

بەشی دووەم

هەریەکە لەدەزگای خێزانو دەزگای پەروەردەو دەزگا ئایینییەکانو خانەکانی سیاسەتدا بەکەمو بەزۆر، پشکی بەشدارییان لەوەدا هەیە بەملیۆنەها مرۆڤی نەخۆشو دەمارگیرو شێت بەرهەمبهێنن.

تاکە یەك مۆڵگەو کانگاو کارگە کە بکرێت خەونو خەیاڵی ئازادیو ویستو رۆحی ئیرادەگەری تێدابچێنین (مەکتەبەکانە/ قوتابخانەکانە/ خوێندنگاکانە/ فێرگەکانە)

دەنێو ئازایەتیو رۆحی سەرکێشیو جەربەزەیی هەر دکتاتۆرێکدا بوونەوەرێکی زۆر ترسنۆكو زەندەقچۆو چوار مشقی دانیشتووە، دەنا دکتاتۆرێکی وەك سەدام کە گەمەیەکی خواهانەی دەکرد لەتەك مرۆڤەکانی بندەستی خۆی، چۆنچۆنیو بەچ لێکدانەوەیەك خۆی دەنێو کولانەسەگێکدا دەشارێتەوە، تەنها لەبەرئەوەی چەند رۆژێکی تر هەناسبدات.
کاتێك لەتەك سەدام ـ لەهیتلەرو مۆسۆلێنیو دەعەجاینیەکانی دیکەی ناو سیاسەتو جەنگ وردبینەوە، دەقاودەق دەگەین بەو ئاکامەی، کە بڵێین ئەو کارگانەی کە پێشوتر وەك خەستەخانەو بەندیخانە وەسفمانکرد، کە هەریەکە لەدەزگای خێزانو دەزگای پەروەردەو دەزگا ئایینییەکانو خانەکانی سیاسەتدا بەکەمو بەزۆر، پشکی بەشدارییان لەوەدا هەیە بەملیۆنەها مرۆڤی نەخۆشو دەمارگیرو شێت بەرهەمبهێنن.
خودی عێراق بەگەڕانەوە بۆ خوێندنەوەکانی علی الوردی ـ (پێشەنگی کۆمەڵناسانی عێراقو عەرەب)، وڵاتێکە پڕ لەملیۆنەها مرۆڤی شێتو شێواو، ناتەندروست لەرووی رەوانییەوە بەرلەوەی جەستەیەکی دەردەداریان هەبێت، لەروانگەی ئەو کۆمەڵناسەوە هەرهەمووان شێتن، (هەڵبەتە بەرادەی جیاواز).
ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراقدا هەیە، دۆخی بەرەڵابوونی شێتەکانە، کە بەناوی ئازادییەوە، بەناوی خوداو هەموو دروشمە پیرۆزەکانەوە یەکدی دەخۆن.
بەعس بۆ ماوەی دەیەهاساڵ منداڵەکانی فێردەکرد چۆن ببنە جەنگاوەرو تاهەنووکەش ئەو رۆحی جەنگاوەرە ئەم وڵاتە بەجەنگەڵ دەزانێتو راوکردنی مرۆڤ بەمرۆڤ یەکەمین گەمەو خۆشترین گەمەیە.
ئەوە دەزگاکانی پەروەردەبوو کە بەهەزارەها داهۆڵو تووتیو بنیادەمی مەیموون ئاسای دەگەڕاندەوە ناو ژیان، کارگەکانی ناو جیهانی سیاسیەتو ئایین، دەستلەناودەست، چەندین سوپاو لەشکری پڕ لەچەكو جبەخانەی سازو ئامادەکرد.. هەزارەها سەربازی دەمارگیرو تووڕەو نائومێدو ئامادە بۆ شەڕو خوێن لەدوای دەرکردنی فەرمانێکی کۆماری.
چ زۆرن کارگەکانی بەرهەمهێنانی گەلحۆییو ملهۆڕی، هەرهەمووشی بەپشتی فەلسەفەیەکی کۆنەخوازی پەروەردەییەوە بەگەڕدەکەوتنو تاهەنووکە چەقەچەقی ئەو ماکینەو فابریقەو کارگانە خامۆش نەبووە.
سیناریۆی گشتی بۆ سیاسەتی عێراقی لەهەنووکەدا، پێماندەڵێت: لەتەك رۆحی رەگەزپەرستیو شۆڤێنیزمی بان نەتەوەیی عەرەبی کە مێژوویەکی کۆنی هەیە هەر

لەدێرزەمانەوە، بەهەمان ئەندازەو قورسایی ترسناکی خۆی رۆحێکی فاشیستیانەی ئایینی هاتۆتەوە مەیدانیّو کەتووەتە سەر گەمەیەکی خوێناوی، ژمارە هەرەزۆرەکەی ئاغاکانی سیاسەتی عەرەبی ـ عێراقی، لەسادەترین رستەی دیپلۆماسیانەی خۆیاندا، شەرم لەوە ناکەن کە گومان لەساکارترین جوولّەو بزافو خەونی کوردان بکەن، رۆشنبیرە هەرە لیبرالّەکانی عەرەب، کوردستان بەنەخشەی دامەزراندنی ئیسرائیل ـ ێکی تازە دەشوبهێنن.
لەمێژووی نازیزمو فاشیزمو ستالینیزم، هەمیشە (فۆبیا)یەك هەبووە دژ بە هەندێك چینو توێژو دەستەبژێرێك لەخەلّکی، ترسو تۆقینێك کە بووەتە مایەی کوشتارگای بیّ شومارو گەورەکردنی گۆڕەپانەکانی قەنارەو لەسێدارەدانو بەندیخانەکان.. نموونەی (هۆلۆکۆست) بەرجەستەیە. دەنێو عێراقو ولآتانی عەرەبیو تورکیا هەمان (فۆبیا) بەرانبەر ناوی کورد هەیە.
هەموو گەمە ناشیرینەکانی دوای نەمانی سەدام، لەسەر ئاستی سیاسیو ئابووریدا، لەپەیوەندی نێوان ئێمەو ناوەند ـ دا، دەمانگێڕنەوە ناو فۆبیای عێراقی عەرەبی، ئەوە لەکاتێکدا کە سەرۆك کۆمار کوردەو جێگری سەرۆك وەزیرانو پەرلەمانی عێراقیو هۆردوویەك لەوەزیرو جێگری وەزیرو پەرلەمانتاری کورد وان لەبەغدا.
کورد چ لەسەردەمی شانشینی ـ دوای هاتنی ئینگلیز ـ تادەگات بەراگەیاندنی کۆماریو گۆڕینی کارەکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق تا بەئەمرۆکەش، تۆمارێکی گەورەی هەیە لەدامەزراندنی شێوەی بەڕێوەبردنی ولآتو کوشندەتر لەوە لەدامەزراندنی سوپای عێراقیو پەروەردەکردنی رۆحی میلیتاری، بۆ ماوەی پتر لەحەفتا سالّ، کەچی خودی ئەو سوپاو چەكو جبەخانەیە بەدرێژایی چەندین دەیە تەڕو وشکی سوتاندووین، هیچ کاتێك وەك ئەمڕۆ گومانم گەورە نەبووە، کەئەگەر چاوی مرۆڤدۆستەکانی دەرەوە لەسەر نەخشەی رەشی ئەم ولآتە نەمێنێت، جارێکی دیکە بێئاگا لەخۆمانو بەدەستی خۆمان هەمان ئاگرو ئاسن داباراندن دەکەینەوە بەچارەنووسی ئەم پارچە خاکە سوتماکە.
چ عەمامەبەسەر بن چ سیاسەتبازی لیبڕالّ، چ چەپو چ راست، چ پەرلەمانتاری مەدەنیو چ سەرهەنگێکی عەسکەری، هەرهەمان رۆحی زەوتکردنی ئازادی لەخوێنیدا دەگەڕێت، ژمارە هەرەزۆرەکەی لەو کارگانە بەرهەمهاتوون کەلەسەر ترسو تۆقاندن گەورەبوون، بەنێو پرۆسەیەکی دوورودرێژی خەساندن لەرووی رۆحیو فیکرییەوە تێپەڕیون، لەسەر رۆحێکی کۆیلەبوون پەروەردەکراون، کە دواجار مەرجە تێبگەین کە کۆیلەو بەندەوارەکانی ناو مێژوویەکی دێرینی پڕ لەستەمو چەوسانەوەو ملکەچی، مەحالّە ئازادی بەکەسانی دیکە ببەخشن.
هیچ دەستورو یاساو رێسایەکی نوسراوو نەنوسراو، لەعێراقدا بەتەنیا گەرەنتی نییە، چونکە لێرەو هەنووکە سیاسەتێك بەڕێوەیە بەدەر لەهەر هەموو ئەو پرنسیپە ئەخلاقییانەی کە لەکۆمەلّگا پێشکەوتووەکاندا بەدەستوور فەراهەمنو هەر هەموو خەلّکی لێیان بەهرەمەندن، ناکرێت بوونمان لەبەغدا پتر رەهەندێکی رەمزی وەرگرتبێت، نەك بناغەیەکی سیاسیو ئابوری تۆکمەو دامەزراو، خودی مادەی (140) لەمەڕ کێشەی کەرکوكو دەیەها کێشەو گرفتی دیکەی هەلّواسراو گەمەی ناشیرینی سیاسەتبازەکانی بەغدا گومانکردن بەدوای خۆیەوە دەهێنێت.

هەرگیز نەبووەو نەکراوە کۆیلەکان یان خاوەن کۆیلەکان، بەخواستی خۆیان سەربەستیبدەن بەخەڵکی دیکە، چونکە مێژوو فێریکردن وەك خەڵکی کۆیلەو بندەست سەیریان بکەن، ناکرێت کورد لەبەردەم هەزارەی سێیەمدا بێت، کەچی وەك دەرۆزەکەرەکانی ئازادی لەبەر قاپی داخراوی کۆمەڵێك ئاغای سیاسەتێکی کوێرو قەدەرگەرا بوەستێت، کە خودی خۆیان کۆیلەو بەندەوارن.

لەم بڕگەیەدا یەك چارەسەرمان هەیە، کە نەخشەو بەرنامەو ستراتیژی گەرەکە بۆ خولقاندنی نەوەیەك کە لەئازادی کەمتری بۆ خۆیو ئەوانیدیکە نەوێت، ئەوەیان روانینێکی شۆڤێنیستیانە نییە بۆ خەراپ خوێندنەوەی بەرانبەرکەتو ناشیرینکردنی سەرلەبەری ژیانو کاروچالاکی داگیرکەرەکانمان، کە بەدرێژایی مێژوو هەوڵیانداوە لەسەر نەخشەی سیاسی بتسڕنەوە، بەناوی هەرچی ئایدیۆلۆژیایەکەوە بووبێت، چ ئاسمانیو چ سەرزەمینی.

هەقایەتی سیاسی ئێمە لەتەك عەرەبو تورکو فارس هەقایەتی ئەو جەنگو کوشتارگاو خەڵکو خاك سوتانە بووە، کە هەرسێکیان بەناوی خوداو پارستانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامبخوازییەکانیان جگە لەژێردەستەییو کۆیلەبوون چیدیکەیان بۆ کورد بەرەوانەبینیووە.

لێرەدا گەر لەحوجرەکاندا منداڵو هەرزەو پیاوانی کورد فێری ئەوە کرابن کە مەرجە ملکەچی ئەو شکۆو تەختو تاراجە پیرۆزەی پادشاکانو سوڵتانەکانو خەلیفەکان بن، چونکە ئەوان سێبەری خودا بوون لەسەر زەمین، (گەرچی کۆشكو حەرەمسەراکانیان پڕبوو لەکچانی کۆیلەو کەنیزەكو سەماکەرو سترانبێژ)، ئەوە ئەمڕۆکە لەقوتابخانەکانی سەدەی بیستویەکەمی کوردستاندا دەکرێت، دوای حەڤدەساڵ بەرزکردنەوەی دروشمی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقەو بەرزکردنەوەی ئاڵایەك کە لەژێرسایەیدا ئەنفالو هەڵەبجەو کۆڕەو دەیەها کارەساتی دیکە بەڕێخرا، مایەی تێڕامانو نیگەرانی بێت. هێشتا لەسەر زاری مام جەلال ـەوە گوێمان لێدەبێت کە دەوڵەتی کوردی خەونێکی شاعیرانەیە، جا چ شۆڕشێك لەسەر زەمین بۆ خۆی لەخەونێکەوە دەستیپێنەکردووە، خۆدەکرێت لەناو ماڵی خۆتو دەنێو مزگەوتو قوتابخانەکانو خانە بێ خەونەکانی حیزبە کوردییەکاندا هەندێك خەون لەو میللەتانە یان لەو کۆمەڵە خەڵکانە قەرزبکەین کە لەسەدەی بیستەمدا توانیان سەربەخۆبنو ژمارەی زۆریان لەپێنج ملیۆن پتر نەبووە، هەندێکیان لەملیۆن کەمتربوون، چوار دەوریشیان وەك ئێمە بەئاگرو ئاسن گیرابوو.

گەورەترین کارەساتو دەنێو پەروەردەی ئێمەدا، (لەسەر ئاستی فیکریو رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی) کوشتنی خەونو خەیاڵە لای کچو کوڕەکانمان بەوەی کە چاویان لەئایندەدا بکوژێتەوە، بەلام تەنها خەونە کە وادەکات داهاتوو هی خۆمان بێت، نەك هی داگیرکارەکان.

کۆی بەرهەمەکانی (ئیسماعیل بێشکچی ـ کۆمەڵناسو جەنگاوەری دلێر لەسەر مافی ئازادی کوردان لەتورکیاو وڵاتانی دیکەی داگیرکەردا) لەبڕگەیەکدا کۆدەبێتەوە کە بۆچی دەبێت رازیبوون بە چارەنووسی بەکۆلۆنیالکردنی کوردستانو داگیرکردنی خەڵكو خاکەکەی لەلایەن رۆژهەڵاتو رۆژئاواوە ببێت بەدواچارەنووس.

هەر لەسەردەمی ئیمپراتۆرە ئیسلامییەکانەوە تادەگات بەسەرەتای سەدەی بیستەم، کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمو دووەمەوە، پارچە پارچەکردنی کوردستان سیاسەتی

وڵاتە دۆڕاوو براوەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە، لەوەدا شۆڕشی سوری پرۆلیتاریا هەرهەمان ئەو گەمە چەپەڵەی بەکورد کردووە، کە بەریتانیاو فەرەنسا بەپەیمانبەستنو بەڵێننامە لەگەڵ عێراقو تورکیاو سوریا کردوویانە.
تا ئەمڕۆکە کوردستان موستەعمەرەیەکی جیهانی سەراپاگیرە، ئەو هێزە ساختەو فشۆڵانەی ئێرانو ئێراقو سوریاو تورکیا جگە لەداشیدامە هیچی دیکە نین.
بێشکچی لەدوانوسینەکانیدا، غەمگینە بەوەی، کە سەرکردەکانی کورد خۆیان بێ خەونن، بەڵام بۆ دەبێت چاندنی ئەو خەونە نەبێت بەبەشێك لەوانەکانی ناو پرۆگرامی قوتابخانەکانی سەدەی بیستویەکەم؟ بەچ مافێکی دەستووریو کۆماریو هەتا خێڵەکی خەون خەیاڵ لەو منداڵانە قەدەغەبکەینو وانەکانی بەندیو ئەسارەتو ملکەچیو ستەمگەریان لەلا خۆشەویست بکەین.
کردارو بڕیارو چارەنووسی هەر میللەتێك لەسەر زەمین، خەونێك یان چەند خەونێك دەبێت بەبزوێنەرو داینەمۆی کۆی چالاکییە فیکریو مادییەکانی. ئێمە دەنێو هەمان مێژوودا کایەدەکەین، مێژووی خۆبەدەستەوەدانو قەدەرگەراو چاوەڕێ بەهاتنی فریادرەسێك کەلەسەر خاکی خۆمان رزگارمانبکات.
گەر نیشتمان بۆخۆی ماڵێك بێت، لەدنیادا نەبووە هیچ ماڵێك کۆی ئەندامەکانی خۆ بەکۆیلە بزانو هاواری دەرودراوسێ بکەن تا ئازادیانبکات، جا چ ئەو رزگارکەرە هێزێکی ئاسمانی یان سەرزەمینی لەچنگدابێت.
کۆیلەبوونو ئازادی، دۆخێکی رۆحیو فیکریو عەقڵییە، نەك مادی، هێشتا سەرکردەکانی دەسەڵاتی کوردی، ئەمریکا وەك فریادرەسێك چاولێدەکەن، دەنا بۆچی هەردوو سەرۆکی کوردی (لەدوای هەراو هەنگامەی راپۆرتی بەیکەر ـ هاملتن) لەنامەیەکدا بۆ (جۆرج بوش) دەنوسن: ئێمەی کورد هاوپەیمانبووینو دۆستو خەمخۆری پرۆسەی ئازادی عێراق بووین... لەدوا بڕگەدا هەستدەکەین کە سەرکردەکان لەگەڵ ئەو هەموو نائومێدییە سیاسییەدا سوورن لەسەر ئەوەی کە بڵێن: ئێمەی کورد وەك دۆستو هاوپەیمان دەمێنینەوە، ئەوەیان غەمگینترین نامەی سیاسی بوو کە لەژیانمدا خوێندبێتمەوە، کە لەنامەکانی شێخ مەحمودو ئیحسان پاشا رستەیەکی لەو جۆرە نادۆزینەوە، ئەو سەردەمەی نامەکانیان بۆ ئینگلیزو کۆمەڵەی نەتەوەکان نوسیوە.
سەرۆکی هەندێك خێڵی هیندییەسوورەکانی لەسەروەختی کوشتنو بڕینی ئەوان بەدەست کۆچبەرە ئاوروپاییەکانەوە نامەیەك بۆ سەرۆکێکی ئەمریکییەکان نووسیووە کە تیایدا باس لەئازادیو خەونی خۆبەدەستەوەنەدان دەکات، لەو نامەیەدا وانەی ئازادی بۆ خۆیو خێڵەکەیو هەرهەموو سەرکردەکانی جەنگو سیاسەت تۆماردەکات.
سەرۆکی خێڵ لەرستەیەکی شاعیرانەدا خەیاڵی داگیرکەران پووچەڵدەکاتەوە کە دەنووسێت: ئاخر من حیلەی ئەسپەکانتان چۆن پێبفرۆشم، خوڕەی چەمو تاڤگە، تریفەی مانگ.. هەتاوی ئاسمان.. گۆرانیەکان...
با ئەمریکا بانگەشەی دیمۆکراسیو لیبراڵی بکات، تا بەئەمڕۆکەش دەگات، نەك هەر ئەمریکا، هیچ وڵاتێك نییە ئەو مۆراڵە سیاسییەی هەبێتو بازاڕی ئەخلاق فرۆشیو دوکانی ئازادیو سەربەخۆیی هەبێت تا ئێمە ببین بەکڕیارو بەگیرفانی دەرۆزەکەرەوە داوای سەرفرازیو زیندەگیو خۆشبەختی لێبکەین.
سیاسەتکارو رۆحپەروەرو رەهبەری بوودایی (دالای لاما) بۆ کێشەی سیاسی (تبت) لەبەرامبەر وڵاتێکی وەك (چین) چ گەمەیەکی زیرەکانەو چ سیحرێکی سیاسی لەسەر

ئاستی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا بەرپاکردووە، ئەزموونی ماندێلا لەرۆژگارێکی زووتردا (غاندی)، لەهەنووکەدا (تیمۆری رۆژهەڵات)، کۆسۆڤۆ... چەندانی دیکە، تەنها شتێك کە هەیانبوو خەونێك بوو، خەونێك کە نەوەکانی خۆیانیان پێگۆشکردو گۆشیدەکەن، ئەو خەونەش دەکرێت لەماڵەکانو قوتابخانەکانو مزگەوتەکانو خانە خامۆشەکانی حیزبەکاندا سەوزبکرێت.
لەمڕۆکەدا گومانم لەهەموو خانەکان هەیە، تاکە یەك مۆڵگەو کانگاو کارگە کە بکرێت خەونو خەیاڵی ئازادیو ویستو رۆحی ئیرادەگەری تێدابچێنین (مەکتەبەکانە/ قوتابخانەکانە/ خوێندنگاکانە/ فێرگەکانە) لەوەتەی بەریتانیا لەسەر شێوەی کلاسی مۆدێرن یان کۆن سەرگەرمی پەروەردەو فێرکردن بووە، کە خۆی لەسەدەها ساڵ دەدات، وشەی (school) بەکاردەهێنن کە هەرهەموو خەڵکی سەر زەمین ماناکەی دەزانن، کەچی لەکوردستانی باشووردا، دوای حەڤدە ساڵ، ئەم هەموو ناوەمان هەیە بۆ وشەی (قوتابخانە)، تا هەنووکە دەنێو پۆستەکانی پەروەردەو نامەو نامەکاری رەسمیدا دەنوسرێت (قوتابی/ خوێندکار) بۆ رێزگرتن لەو دوو وشەیەی کە یەکێکیان هی پارتییەو دووەمیان هی یەکێتی، هەر هەمان شت بۆ (ئافرەت/ ژن)...
لەتوکوتکردنی خاكو خەڵکی بەتەنها پیلانگێڕی دوژمنەکانت نییە، لەکاتێکدا بەم عەقڵە شوانکارەییو خێڵەکییەوە سیاسەت بکەین کە رۆحی پاوانخوازی بگاتە ئەوەی کە لەسەر ناوی (قوتابخانە) رێکنەوین، بەڕێوەبەری قوتابخانەکانت هەر لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا سەرۆکی زانکۆکانت لەسەر خۆبەستنەوە بەحیزبەکان دەستنیشان بکەیت.. ئیتر چۆن دەتوانیت لەوەتێبگەیت کە داواکردنی ستاندەرایزکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندن دەبێت بەبنەمایەکی سەرەکی بۆ یەکخستنی رۆحی هەرهەموومان لەدەوری کوانووی زمانێکدا، کە لەهەموو دنیادا، نموونەی وڵاتانی ئاوروپا، بەبڕیاری سیاسی ئەنجامدراوە؟
ئەو گومانە گەورەیەی کە ژمارەیەك لەسیاسەتکارانو رۆشنبیرانی کوردی سەبارەت بەو داوا گەورە کراوە، جارێکی دیکە ئێمەی بردەوە ناو دەوارەکانی تیرەگەریو خێڵپەرستی لە(گاریبالدی)یەوە کە ئیتاڵیا خەون بەیەکێتی خەڵكو خاکەکەیەوە دەبینێت بەتەنها سرودێكو ئاڵایەكو زمانێك شکدەبات کە چوار لەسەدی ئیتاڵییەکان بەو زمانە دەدوانو هەنووکە زمانی ستانداردە.